وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتییەکان

وزارة الداخلية
محافظة أربيل
مديرية العقود العامة

ژمارە: ١٨٨

٢٠٢٠/١١/٢٤ زاینی

ئاگاداری

ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٥٩) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردن و دابەش کردنی ئاوی خواردنەوە بە تانکەر لەسەر ماڵان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران) کە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٦/١٢/ ٢٠٢٠ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر رازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- ❖ کۆمپانیا یان نووسینگە تایبەت بێت بە گواستنەوەی ئاوو بەرهەمهێنەرانی و نوێ کرابێتەوە تا بەرواری کردنەوەی تەندەر .
- ❖ بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان وبەڵێندەر بکرێت ولەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- ❖ فرۆشتنی تەندەر (١٥٠.٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە . وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت
- ❖ پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت .
- ❖ دەبێت مۆلەتی کۆمپانیا لەگەل خۆی بێنێت وبەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .

تێبینی :-

دوو ڕۆژ پێش کردنەوی تەندەر ، تەندەر نافرۆشرێت

مافپەروەر
هێمن قادر
ل / پارێزگاری هەولێر
٢٠٢٠/١١/٢٤

وێنەیەك بۆ :-

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / تکایە.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)

بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست.....

- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ یەکیەتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست